# ئەمریکا ..... دەوڵەتی دارو ینیزم !

سۆران عومەر

کاتێك دگەڕێینەوە سەر بونیادی فیکریی عەقڵی تاکی ئەمریکی دەزانین کە پەیوەستیەکی ڕاستەو خۆ لەنێوان ئەوان و کەلتوری (ڕۆمانی) و (تیۆری داگیرکاری) دا هەیە ئەو داگیرکارییە (الأستعمار)ەی کەپێکهاتەی میراتی ئەورووپی و بەربەریەتی جەنگە جیهانیەکانە، بنەمای فیکری کۆمەلأیەتی لای ئەوان (تاك و کۆمەڵ)ی ئەمریکایی لەڕیشەی سەرهەڵدانی (داروینی بایۆلۆجیە) وە سەرچاوە دەگرێت و پێکهاتەی فەلسەفی لایەنی ئابوری و سیاسی و کۆمەلأیەتیشیان بەهەمان ئاکار دەگەڕێتەوە سەر (سۆسۆلۆجیای داروینیزم) ئەو بۆ چونانەی کەبیرمەندانی تری وەك (سلسبی و فسك و یومانز) بەحەماسەوە کاریگەرییان لەسەر تاك و کۆمەڵگەی ئەمریکی دروست کردووە بەئامانجی (دەستکەوت و قازانج و بردنەوە و سەرکەوتن) دژ بەوانەی کەلەگەڵیان نین!

پرۆفیسۆر (ڕیتشارد هوتز تارد) مامۆستای مێژووی زانکۆی (کۆلۆمبیا) یەکێك بوو لەو هەژێنەرانەی بیری داروین لای ئەمریکاییەکان تاسالأنی (١٩٧٠) دەڵێت (لامان گرنگ نەبوو کە ئەو بیرۆکانە ڕاستن پێویستن کەقبوڵمان بوو چونکە ئامانج لێی ی تێرکردنی ئارەزووە گشتیەکانی کۆمەڵ بوو، بەلأم ئەمە یەکێك لەگرفتەگەورەکانی گۆڕانکاری کۆمەلأیەتی بوو)[1]

کاتێك (ولیەم گراهام سۆمنەر) یش بەهەمان ئاراستە بۆ چوونە ئابوریەکانی جێ بەجێ دەکرد لەسەر هەمان بیرۆکەی (الأنتقاء والبقاء الأصلح)لای وابوو بوملمانێی ڕەها (مطلق) و بەبێ ئاستەنگێك دەتوانێت سەرکەوتوبێت لەکۆکردنەوەی زۆرترین سەروەت و سامان دا ئەم بۆ چوونەی جێکاری ناکات لەنێوان هەوڵی مرۆڤ بۆ (سەرمایە) و هەڵپەی بێ سنوری (ئاژەڵ) بۆ دەستکەوتنی (خۆراك)[2] هەمان بۆچوون لەئەمڕۆدا دوپات دەبێتەوە، وەك (جۆهن نۆر بێرج) لەکتێبی (دفاع عن رأسمالیه العولمه – Defense of Global Capitalism) دەڵێت :– ڕاست نیە کەدەوترێت لەدونیادا کۆمەڵێك دەوڵەتی سەرمایەدار هەیە لەگەڵ هەندێك دەوڵەتی تری هەژار، بەپێچەوانەوە چۆن ئەو ولأتە سەرمایەدارانە گەشتون بەوە دەوڵەتە هەژارەکانیش دەتوانن ئەو ڕێگایە بدۆزنەوە کەپێی دەبن بەسەرمایەدار...! )[3]

ئەم بۆچوونانە بالأدەست بوو لەسەر عەقڵی تاکی ئەمریکی کەبیرمەندانی وەك (فرانسیس بوین ، ئارسەر لاتام بری، لۆرنس لافلن. فرانسیس وایلاند...) گەشەیان بەو بۆچونەکرد کە (مرۆڤ دروستکراوێکە لە شەهەوات و ئارەزوو)[4]

لەسەدەی نۆزدەی زاینیەوە ئەتوانین بڵێین ئەمریکا دەقاو دەق بریتیە لە (دەوڵەتی داروینی نمونەیی) لەکاتێك دا ئینگلیز بیری داروینیزمی پێشکەش کرد بەلأم ئەمریکا بەشێوەیەکی عاتیفی و زۆر خێرا وەری گرت و مومارەسەی کرد، بۆیە (داروین) لەساڵی (١٨٦٩) دا لە (الجمعیة الأمریکیة للفلسفة) دا پلەی (شەرەف)ی ئەندامێتی ئەم کۆمەڵەی پێدرا، تیۆری داروینیزم تەواوی بواری زانستیشی پاوان کرد تاگەیشت بەمەیدانی پەروەردەو فەلسەفە[5] .

---

[1] Richard Hotstardaiter: Social Darwinism (the American Historical Asociasion, 1995) P. 204.
[2] William G. Summer: The challenge of Facts and other Essays (New Yourk, Yale University press 1914) p.95.
[3] Forein Affairs, May/June 2002 Co. Vering Pag.
[4] Richard Hostardter, OP. Ch. PP. 143-146.
[5] Ibid, pP. 89-95.

لـه ڕوی سیاسـی و سەربازیشـەوە هـەمان پیـادەی دەرئەنجامـەکانی داروینزمـی کۆمەڵایـەتی و مومارەسـەی پەروەردەی ئەو بۆچونەن . هـەروەك لـە داهێنـەری ئامـاژەی پیتـی (V)ن کـە بەدەست دروستی دەکەن و لـەمانای وشەی (Victory)ەوە هێناویانە بەواتای سەرکەوتن بەسەر بەرامبەر و ئەگەر نەیارەکانیشیان خستە زەوی ئـەوا ئاماژەکـە هەڵدەگێڕنـەوە کـە دەبێتـە ژمـارە (٨)، ئەمریکاییـەکان تەنانـەت لـە ململانێـی (وەرزش) و یـاری داو لـە تەواوی بوارەکانی ژیاندا هەمان رۆحی مونافەسەی کوشتن یان سەرکەوتن مومارەسە دەکەن . چونکە لـە کتێبی (اصل الانواع The origin of species) دا لەلایـەن چەسـپیوە کـە (ڕەوایـە هـەموو دروسـتکراوێکی لاوازو بێدەسەڵات لە بەین بەریت و ئازاری بدەیت لە پێناو مانەوەی جۆراوجۆرە باڵا دەست و بەهێزەکاندا[٦] .

(جەنەراڵ هۆمرلی) دەڵێت: (عونف خاوەنداریێتی بۆ ئەوانەی کە خاوەنی نەتەوەیەکن و نەتەوەیان ئەسڵەو خۆیان دروسـتیان کـردووە "کـە ئەمریکاییـەکانن" وە پاسـاو ناهێننـەوە بـۆ ئـەو عونفـە وە شـاردنەوەی ئەمـە لادانـە لـە ڕاسـتی، وەهـەر نەتەوەیـەك عـونفی بـەکار نـەهێنابێ زیـادی نـەکردووە ، کەزیادیشـی کـردووە عـونفی زیـادبووە) سـەرۆك (سـیودۆر روزفلـت) دەڵێـت (ئـەو نەتـەوەی کـە مەشـقی کردبێـت لەسـەر ژیـان و دوربوبێـت لەجـەنگ نەتەوەیەکی مەحکومەو زەلیل بووە)[٧] لە دوای ئەمریکاش وڵاتانی وەك (فەرەنساو بـەریتانیاو ئیتاڵیاو ئـەڵمانیا) خـاوەنی هـەمان بۆچـوونن بۆیـە بزوتنـەوەی تونـدڕەوی وەك (نـازی و فاشیسـتەکان)ی تیا هەڵکـەوتوەو جـەنگی جیهانی یەکەم و دووەمیان بەرپاکرد.

دواتریش (نظرية القوة) یان هێنایەکار بۆ دروست کردنی (سیستەمی نوێی جیهانی) لەوانەش (ئەلفین تۆفلـەر) کـە ئێسـتە مامۆسـتای (Futurists)ی کۆنگرێسـی ئەمریکی‌یـە و لەسـەر دەسـتی ئـەم زۆرینـەی بڕیـار دەرە ئەمریکاییەکان هاتوونە پێش، یەکێك لە کتێبەکانی (صدمه المستقبل- Future scock)ە کە (٢٧ ملیۆن تیراژی لێ بڵاوبۆتەوە لە ساڵی ١٩٧٨) لـە کتێبـە ناوبەنگـەکانی تـری ئـەم پرۆفیسـۆرە ئەمریکاییـە (تحـول القـوة Power shift، الحرب وضد الحرب War and anty war) ئەم دوونوسـراوە بـەجۆرێك کاریگـەر بـوو کەلـە فرۆکەخانـەو شـوێنی پشـوو تـەواوی بوارەکـانی ژیانـدا دەخـوێنراو گـەورە سیاسـیەکانی سـەرەوەش بـە تایبـەت (بـوش الابـن) مومارەسەی مەفاهیمەکانی دەکرد کە بریتی‌یە لە (پاوان کردنی (مەعریفە و عونف و ماڵ)[٨] بۆ ئەمـەش دەیگـوت پێویسـت بـە کردنـەوەی زانکـۆی زیـاترو ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی گـەورەتر دەکـات لـەناوەوەو دەرەوەی ئـەمریکا، هەروەها ئەم سیستەمە نوێیەی جیهان کە ئەمریکا ڕێبەرایەتی دەکات کارکردن بوو بۆ بەتـەنها خزمـەت نـەکردنی سوپای ئـەمریکی بە بەرژەوەندییـەکانی ئـەمریکا، هـەروەك لەکۆنـدا رۆمانیـەکان و ئێسـتەش بەریتانیـەکان دەوری هاوکـاری سـوپای ئـەمریکی دەگێـڕن لـە پارێزگـاری بەرژەوەنـدی و سیاسـەتی ئـەمریکا وە پـارێزەریش نەتـەوە یەکگرتووەکان دانراوە !

---

[٦] Gashstrong: our country: its possible future and its present crisis (NewYork): The American Home Mission ary society, 1885.pp.174-175.

[٧] Richard Hotstardter op. cit. p. 87

[٨] Alvin Toffler: power shift (New York): Bantam Books, 1990 War and anty war (New Yourk: WarnerEd, 1993.).